# ژیان و خۆشەویستی لە قەسیدەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە)



کاروان مەهدی

(ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) قەسیدەیەکی درێژی (بەختیار عەلی)یە کە لە (کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی1983_1998) بڵاوکراوەتەوە. ئەزموونی شیعری (بەختیار عەلی) لە دوای ئەزموونی (ڕوانگە) خاوەنی خەسڵەتو بنەمای شیعری تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە ناکرێت لەدوای ئەزموونی ڕوانگە، ئەزموونی بەختیار پشتگوێ بخرێت. ئەم ئەزموونە شیعرییە جگە لە بۆچوونی گشتی شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەگوتراوە، کە تایبەتمەندییەکانی ئاشکرا بکرێت، لەکاتێکدا هەڵدەگرێت بەشێوەیەکی جیدییانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێتو لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەقەکان ڕەهەندەکانی ئەو ئەزموونە چ لە ڕووی جیهانبینی چ لە ڕووی بنیادی شیعرییەوە دیاریبکرێت، لەهەمانکاتدا پێویستە بەر لە شیکردنەوەی هەر دەقە شیعرێکی بەختیار، ئەوە لەبەر چاو بگرین کە بە پێچەوانەی نەوەی دوای ڕوانگەوە، بەختیار لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی ڕوانگەو دەسەڵاتی ئەم ئەزموونەو گوتاری مانەوە دەرچووە، کە گوتاری باڵادەستی شیعری بووە لەم نیوە سەدەیەی دوایی شیعری کوردیدا.

دەقە شیعرییەکانی بەختیار عەلی بە ماناو دەلالەتی زۆر و هەمەچەشن ئاراستەکراون، هەر بۆیە دەشێ خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆ بکرێت، ئەوەی ئێمە کردوومانە تەنیا هەڵوەستەیەکە لەسەر چەمکی ژیانو خۆشەویستی لە قەسیدەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە)و لە دوای ئەوە دەگەڕێین کە ئەم دەقە چۆنو بە چ شێوەیەك گوزارشت لەم چەمکانە دەکاتو بە چ جۆرێكو چ کارێك لە ئێمە دەکاتو خودی قەسیدەکە چۆن دێتەوە لەگەڵ ئەو چەمکانە؟ سەرەتا لەم پرسیارەوە دەستپێدەکەینو دەچینە ناو دەقە شیعرییەکەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە بۆچی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە)؟ دەلالەتی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) لە چەمکی ژیانو خۆشەویستی چییەو چ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە هەیە؟

دوای خوێندنەوەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) دەکەوینە بەردەم دەقێکی ئاوەڵاو بەرفراوانەوە کە پێویستی بە مەدحکردن نییە، چونکە "کردەی مەدحکردن تەنیا لە ئاستی چێژوەرگرتنی یەکەم خوێندنەوەدا مۆڵەقمان دەکاتو ناهێڵێت ئەو ڕایەڵانە دروستبکەین کە دەمانگەیەنێتە ئاستی خوێندنەوە جیاوازەکان"... (هیوا قادر، ل93).

لەهەمانکاتیشدا گرنگیی ئەو پرسیارو تێڕوانینو دەلالەتە شیعرییانەی کە لە حاڵەتە نابەرجەستەییەکانی دەرەوەی سنووری دەقەکە دەورووژێنرێن وەکو هەموو ئەو پرسیارو ڕاڤەکردنانەی سەبارەت بەو پەلکێشیەی کە ئەم دەقە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە ئاراوە، هەمان گرنگیی ئەو کەشفکردنانەی هەیە کە لە دەقەکەدا بە بەرجەستەیی دەتوانین بیانبینین واتا لایەنەکانی، تەکنیکی نووسینو بەکارهێنانی مێژوو و لێکدانەوە فکرییەکانەوە. ئەم قەسیدەیە پڕە لەو وزە شیعرییە فەنتازییانەی کە لە شێوازی دارشتنەکەیدا زمان تێیدا دەبێتە ئامرازێکی کەشفکەر بەقەدەر ئەوەی تەنیا کاری وەستانو گەواهیدان بێ، هەر ئەوەشە وا دەکات ئاسۆی ئەو قەسیدەیە بگاتە شوێنگەیەکی دەوڵەمەندی وا کە پڕبێ لە دەلالاتی شیعریو کێشمەکێشی وێنەو مانا، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بە قەبارەی هەڵگرتنی ئەو چڕیو ئاڵۆزییە، ئێمە ناکەوینە بەردەم دەقێکی شیعریی ئاڵۆزو بێبنی واوە کە بە ئاسانی بیانووی تێنەگەیشتن بهێنینەوە، ئەم خاڵەش بۆخۆی یەکێکە لە خاڵە بەرایییەکانی جوانیی ئەم بەرهەمە. دەرگای چوونە ناو (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) بە پێشکەشکردنی ناسنامەی کاتو شوێن دەستپێدەکات، کاتێك وا خۆی دێنێتە وەسف:

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە**
**ئاوەکان پڕ بوون لە دەستی ژەهراویو تیکەکان پڕ بوون لە**
**گومانو خوێن**
**پەنجەرەکان پڕ بوون لە باڵداری خەوتوو و شەونمی بەردین.**
**سوارچاکەکان، لە دۆڵەکاندا خەوتبوونو پەڕەی یاداشتەکانیان**
**وەك ڕەفتەی بوکێکی کوژراو بەجێمابوو**
**هەر وەکو پاسارییە کوژراوەکان کەوتبووە سەر زەوی**
**(با) وەکو ئەسپە پیرەکان لە کوچەکاندا دەشەلی**
**تامی باران، تامی بادەمە پڕ لە خوێنەکان بوو**
**(تێزاب) شەڕابی ئەم خەڵوەتی هەناوە بوو**
**لەو دیو دوکەڵە شینەکانەوە دەگریامو چاوم وەك لێوی کچە شەرمنەکان لێکنا...** (بەختیار عەلی، ل205)

ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە واتا کاتی ئەوسای بەسەرچوو و ڕابردوو، (ئاوەکان، تیکەکان، پەنجەرەکان، لەو دیو دوکەڵە شینەکانەوە) بە واتا لەم شوێنانەی لە ڕابردوودا هەموو شتێ لە دەرەوەی ئەو ڕۆژگارە بوون ژیان دەستی پێکردو یاخود هەبوو. واتە هەر لە سەرەتاوە قەسیدەکە لە ڕووی کاتو شوێنەوە جووتەیەك پێکدێنێ.

**کاتێك بەر پێم، وەکو بنکی چراکان.. پڕبوو لە مانگ و پەپولەی کوژراو**
**گەڵای زەردی وەرزە کۆنەکان، بە قژمەوە بوو**
**سۆزی دێرینەشم بۆ کامەرانیو ئازادی لە چاومدابوو**
**منداڵی بە دوومدا دەهات**
**ئەو منداڵییە قژ زەردەی کە هێشتا لەبەر جۆگەکاندا، بۆ ماسییەك**
**دەگەڕا، ناو زگی پڕ بێت لە زێڕ**
**لەسەر سیلەی دیوارەکانەوە، سەیری تۆزی پێی ڕێبوارو**
**عاشقان و پیاوکوژانی دەکرد....**

ئەمە ئەو ڕۆژگارانەیە کە جەلادە خوێن قەترانییەکان بە هالاوی قامچی پێناسەی ئازایەتیو مەرگو بەرائەتو جورئەت دەکەن، ڕۆژگاری ئەو منداڵەتییە کە ژوورەکانیان پڕ کرد لە پەپولەی کوژراو و سامناکییان کرد بە سەرپۆشی تاریکیو خوێن، ڕۆژگاری شینبوونەوەی منداڵیەتییەیە لە دواهەمین چرکەی ژیاندا، وەستانە لە حەساری ڕۆژگاری دێرینی کامەرانیو ئازادیو منداڵییەتی. ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە سەرەتای دەستپێکی قۆناغێكو کۆتایی هاتنی قۆناغێکی ترە، کاتێك پەیوەندییەکانی ئەو ژیانە توندوتیژ بوونو شێوازێك بوون لە مردن، تێکرا ئەو قۆناغەی ژیان وەکو مۆڵگەی مردوو نیشاندەدرێت لە رووی تێڕوانینی ئێستای شاعیرەوە لە زەمینەی منداڵێتیدا. دیسانەوە بەختیار بە وەسفکردنی ئەو ڕۆژگارەوە درێژە بە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی سەردەمی منداڵی دەداتو دەڵێ:

**لەو ڕۆژگارانەدا بوو**
**چۆن جەردە دوای قافڵە شەکەتەکان دەکەوێت**
**بەدوای ئەو باڵندانە کەوتم، بەدەم خەوەوە دەفرین**
**چۆن (با) بەدوای کەشتییە ماندووەکان دەکەوێت**
**دوای ئەو کچە قژ زەردانە کەوتم، کە لە جۆلانێکاندا دەخەوتن**
**بەڵام.. درێغا... درێغ، تەنها کراسە ئاوریشمینەکانیانم**
**بینیووە لە ڕاڕەوەکاندا کەوتبوون.. مەمکیان وەکو**
**تۆپێکی سارد، لە چنگە بێڕەحمەکانی ئەواندا دەژاکا**
**بە ناوچاوانێکەوە، کە بە پوولەکەو گوڵی بەدبەخت داپۆشیبوو**
**سەیری ئەو تاوانانەم دەکرد، کە وەك تابووت ڕیزکرابوون**
**سەیری ئەو ئاسمانانەم دەکرد کە وەك قاسە داخرابوون.**

"ئەم ڕۆژگارە خۆشانە ڕۆژگاری ئەو پیاو کوژانەیە کە دەفتەرەکانیان پڕ لە تابووتی گوناه و کتێبەکانیشیان پڕە لە دۆسیەی جۆراو جۆری دەمامکەکان".. (شێروان ئیبراهیم حەیدەری.ل129).

هەر لەو سەردەمەدا هیچ شتێك خاوەنی ناسنامەی خۆی نەبووە و جیاوازی لە نێوان براوە و دۆڕاودا نەبووە تا ئەو ئاستەی کە خۆشەویستیو ڕق دەبن بە یەك، ئەو شوێنەی کە لە سەرەوە قەسیدەکە تیایدا دەستپێدەکات واتە (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) زەمینەیەکی ناشیرینو دزێوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو کردارانەی کە تیایدا ڕوویانداوە، بەو جۆرە ناشیرین بووە، بەڵام دەستپێکردنەکە لەوێدایە و بەرەو قۆناغێکی نوێو شوێنێکی نوێ دەچێت کە قۆناغی ژیانی منالیەتییە و دروستکردنی قۆناغی خۆییو بەر لە خۆییە و جیاکردنەوەی نوێیە لە کۆن وەکو ئەزمونێکی شیعریو پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیریش:

**چۆن هێشوویەکی ترێ، لەسەر کەپرەکان دەخەوێت**
**گوێمنەدایە هەیەتی خەم، کە وەك دووپشك بەسەر سنگمدا دەگەڕا**

**وەك سۆزانییەكی لە بەهاردایە بەختیار بووم**
**وەك دارستانی پڕ لە باڵندەی تێر**
**وەك ئاوی ئەو دەریاچانەی پڕە لە ماسی عاشق، خەمم نەبوو**
**مۆمم لەسەر شانم هەڵكردبوو، بە شەقامە دوورو درێژەكاندا**
**دەڕۆیشتم.....**
**كۆشم پڕیبوو لە كەروێشكی خەوتوو**
**ڕۆیشتمو لە كێڵگەكانی بەر تریفەدا، لە ژێر گەڵایەكی توتنی گەورەدا خەوتم**
**خەوتمو پێنووسێكی شەرمن و سەرمابردوو لە گیرفانەكانمدا دەگریاو دەچەقییە**
**سەر دڵم...**

یەكێك لەو ڕەگەزانەی لەو پارچە شیعرەی سەرەوەدا بەرچاو دەكەون ڕەنگەكانی بەختەوەریو جوانیو ژیاندۆستییە، ژیاندۆستی بەبێ بوونی چاوگێكی ئینسانیانە دروستبوونی مەحاڵ دەبێ، چونكە هەموو شێوە ڕەنگاورەنگەكانی ژیان لە چاوگەكانی مرۆڤدۆستییەوە هەڵدەقوڵێ. ڕێگە هەیە بۆ ژیان گەر مرۆڤ بیەوێت، ڕێگە هەیە بۆ خۆشەویستی گەر مرۆڤ حەز بكات، لێكهەڵوەشانی پەیوەندییە مرۆییەكان لەگەڵ میوەو درەختو گیانەوەرو سروشت، خۆشەویستی بۆ ژیان لەناو دەبات، (هێشوویەك ترێ، دارستانی پڕ لە باڵندەی تێر، ماسی عاشق، كەروێشكێكی خەوتوو، گەڵایەك توتنی گەورە... هەموو ئەمانە واتایەك زیاد دەكەن بۆ ژیان، بە تەنیا ( تۆ جوانی...خۆشم دەوێیت) جەوهەری خۆشەویستیو ژیاندۆستی نییە، ئەوە گەڵای سەوزی پڕ لە شەونمو درەختی زەردی تەپوتۆزاوییە كە مانایەكی جوانتر بە ژیان دەدات. قەسیدەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) كراوە بە بەش بەشو نۆ بەشی درێژ كۆی بنیادی قەسیدەكە پێكدێنن، قەسیدەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) بە تێكەڵاوكردنی جەمسەرە دژەكان دەستپێدەكات، كە هەموو شتەكان تیایدا یەكدەگرنەوە، ئەمەش ئەسڵی خەسڵەتی پەیوەندییەكانی مرۆڤە بە خۆشەویستیو ژیانەوە. شاعیر وەكو گێڕەرەوەی ڕووداوەكان یان وەكو كاراكتەری سەرەكیی ڕووداوەكان هەندێ جاریش وەكو چاودێرێك دیمەنەكان لە شێوەی گێڕانەوەدا پێشكەش دەكات، لە ساتەوەختی ئێستادا ڕاوەستاوەو دەربارەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) واتا (ئەوسا) دەدوێت، یان بە شێوەیەكی تر دەتوانین بڵێین ڕابردوومان بۆ دەگێڕێتەوەو پێمان دەناسێنێت.

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە**
**درەختە ورشەدارەكانم بەجێهێشتو باڵندەكان لەپێش چاوم دەسووتان**
**چۆن ئەژدیها، لە دەفتەرەكانەوە دەئاڵێن، خۆشەویستی لە**
**قەدمەوە ئاڵابوو**
**بانگم لەو پەپولانە كرد كە بەناو ئاوەكاندا دەفڕین، بانگم لەو**
**مردووانە دەكرد، لەناو تابووتە سەوزەكاندا خەوتبوون**
**ئەو پاسارییانەم دوان، كە لە گومەزەكاندا هێلانەیان كردبوو.. بەڵام**
**كەس گوێی بۆ نەگرتم**
**نەمتوانی گوللە كوشندەو ژەهراوییەكان پەشیمانبكەمەوە**
**چڵی درەختەكانم ڕاوەشاند، چڵی درەختە مسەكان**
**ویستم، خەنجەرە تووڕەو خوێناوییەكان هێمنبكەمەوە**
**ئەو باڵدارانە ئارامبكەمەوە، كە لە برساندا دەگریان.. بەڵام نەمتوانی**
**هاوارم لەو پەنجەرانە كرد، كە كچە هەرزەكارە بێباوكەكان، مەمكیان**
**نابوو بە شوشە ڕەشەكانیانەوە.**

ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە "سەرەتای شەوی ئەو عیشقانەیە کە ماڵی خۆیان لە ئاوەدانی بوونەوەر دەکەن" ڕۆژگاری ئەو کەرنەڤاڵەیە کە تەرمی گریان دەخاتە قورگی هەموو خنکاوەکانی شارو دەڵێ ئەو سەرەتای چەکەرەکردنی حەیرانبوونی مرۆڤەکانە لە سافبوونەوەی دۆزەخەکانی ژیاندا، ڕۆژگاری ئەو گوناهانەیە کە ڕووبەڕوو ئایەتە تاریکەکان داگیردەکەن، ڕۆژگاری تەواوبوونی ئەو چرکانەیە کە باڵندەکان دەسووتێنن‌و مردووەکان لەناو تابووتە سەوزەکاندا دەخەون، ڕۆژگاری ئەو شەوەیە کە گوللەکان تیایدا پەشیمان نابنەوەو خەنجەرە تووڕەو خوێناوییەکان هێمن نابنەوەو (ئەو) بە تەنیا دەمێنێتەوەو ژیان دەبێتە کوچەیەکی تەسك لە ڕۆژگارێکی درێژدا، ئەو ڕۆژگارەش ڕۆژگارێکی بێگوناهی خەیاڵی شیعر بوو.

لە کاتی ئێستادا کە سەرنجی ڕابردوو دەدرێت ساڵانی جەنگو ڕۆژانی خوێن دەبینرێت، ئەو سەدەو چاخانەی ئاسن‌و تابووت لە ماهییەت پێبەخشینیاندا بکەری سەرەکی بووە، ئەو سەدانەش بریتین لە سەدەکانی مەرگەسات‌و بەستەڵەکی ژیان‌و هەوەس. "ئەمەش دەلالەتی وەستانی هەموو پرۆسەیەکی پۆزەتیڤ دەگەیەنێت لە زەمەنێکی مێژووییدا"... ( عەتا قەرەداخی،ل230).

کاتێك ئێمە بانگ دەکەین‌و وەڵام نادرێینەوەو کەس گوێمان بۆ ناگرێت‌و ناتوانین گوللەکان پەشیمانکەینەوە، کەواتە ئێمە لە ژینگەیەکدا بووین نەمانتوانیووە ببین بە بکەری ڕووداو دروستکەر، بەمشێوەیە بەختیار درێژە بە قەسیدەکەی دەدات‌و دەڵێت:

**هاوارم لەوانە کرد، لەبەر دەرگای خانوچکە چکۆڵەکان‌و**
**لەژێر چەتری پاسەکاندا، چاوەڕوانیاندەکرد**
**چاوەڕوانی مەسیح نا، چاوەڕوانی تەرمی منداڵەکانیان**
**چاوەڕوانی دەستگیران نا، چاوەڕوانی نامەی لێکجودایی**
**چاوەڕوانی گوڵ نا، چاوەڕوانی سەبەتەی خوێنین**
**هاوارم لەو گوڵانە کرد، کە لەسەر مێزەکاندا توڕدرابوون‌و مەیخۆرە پیرەکان دەیانگرتە یەکتری.**
**لەسەر کورسی باغچەکان بەجێمابوون‌و سۆزانییەکان لەسەری دادەنیشتن**
**بانگم لەو عاشقانە کرد، کە لە نزیك جۆگەکانەوە دەگریان‌و لە گۆڕەکانیانەوە**
**سەیری چراخانی شاریان دەکرد**
**بڕۆن‌و نەگەڕێنەوە.... بەڵام هەیهات گوێیان لێنەگرتم**
**بۆیە لە چاوەڕوانی بەلەمە سەرمەستەکاندا وەستام**
**تا ئەم زۆنگاوە ڕۆژهەڵاتییانە بەجێبهێڵم‌و بگەڕێمەوە بۆ دارستان**
**بۆ ئەو جێگایەی نە ڕەق دەناسرێتەوەو نە پێکەنین...**

قسەکەر لە قەسیدەی" ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە" منی شاعیرە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە وەك گێڕەرەوە خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ ئامادەکردنی زەمینەی خۆناساندنە، کە ئەویش دەبەستێتەوە بە شوێن‌و کاتەوە، بەڵام کاتێ زەمەن دەبێتە (ئێستا) "ئەوا بکەر لەو کات‌و شوێنەدا باسی ڕابردووی خۆی دەکات‌و بەشێك لە کردەکانی خۆی نیشاندەدات، کە زۆربەیان لە حاڵەتی خواستندا ماونەتەوەو لە ڕووی پراکتیکەوە پیادە نەکراون" (قەرەداخی، ل231) بوونی بکەری بەرامبەر لە واقیعی "ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە"دا ڕێگای لە منی شاعیر گرتووە تا پیادەی ویستەکانی خۆی بکات ئەوەش دەلالەتی ئەوە هەڵدەگرێت کە تێکرای ژینگەو دەورووبەر بە بوونەوەرەکانییەوە ڕۆڵی بەربەرەکانێکردنیان هەیە بەرامبەر بە هەر دەسەڵاتێك کە بە سەریاندا بسەپێندرێت یان لەو ژینگەیەدا پیادە بکرێت.

"گرنگیدان بە جوانیی سروشت خۆی لە خۆیدا خاسیەتێکی ڕۆحیی چاکە. کاتێ مرۆڤ لەسەر ژیانی

لێخوردبوونەوەو نقومبوون لە جوانیی سروشتدا رادێت، ئەم جۆرە ژیانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ڕەوشتبەرزی لەلای مرۆڤ پەرە بسێنێت". (میراودەلی، ل83).

لێرەشەوەیە کە بەختیار زۆرترین ڕەگەزی سروشت بەکاردێنێ و بەو مانایەی هەموو ئەمانە ئیزافەیەك لەسەر کۆی ژیان زیاد دەکەن و خاسیەتێکی ڕۆحیی ژیاندۆستانە بە مرۆڤ دەبەخشێت، بۆیە دەڵێت:

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە.. گووتم ماڵاوا ئەی هەڵۆ چاوشینەکان**

**خواحافیز ئەی ئەو شارە غەمگینانەی لە لالەزار لە دیوارەکانتان ڕواوە**

**ماڵاوا، ئەی پاسارییە خنکاوەکان**

**ئەی ئەو شۆستانەی چۆن جێسەر لەسەر بالیفەکان جێدەمێنێت**

**جێیێم، لەسەر بەردەکانت بەجێماوە**

**دەڕۆم و بۆنی من لە گوڵەکانت دێت**

**ڕەنگم لەسەر ئاوێنەکانت بەجێماوە**

**دەڕۆم و ئەو کیژە غەمگینانەی، بە ئەسپە ماندووەکانیانەوە، بۆ**

**دەستگیرانەکانیان دەگەڕێن...نامناسنەوە**

**سەیری ئەو دارستانە کانزاییانە ناکەم کە دڵدارانی مسین لە ژێریا**

**یەکتر ماچدەکەن، من تەنیا ماڵاوایی دەزانم.. ماڵاوا ئەی**

**ئەو کیژانەی لە پاسەکاندا دەگریان و نیگا پڕ لە سۆزەکانی من ژیری نەکردنەوە**

**سەیری شقارتە داگیرساوەکان دەکەم و هەست بە ئازاری دارستانەکان دەکەم**

**بە بۆن کچە پاك و بێگەردەکانی دارستان و هەورە ڕاستەقینەکانی**

**دەریا دەناسمەوە**

**پاڕامەوە و گوتم وەك ماسییەکان مەمکوژن**

**وەکو کۆتر و کچە بێئابرووەکان مەمکوژن**

**دڵم پڕیبوو لە شەرم و ئەفسوس**

**شەرم لە خواو لە پاساری و لە نێرگس..**

ئەم ماڵاواییانە ماڵاواییە لەو ڕۆژگارە ناخۆشانەی کە پڕن لە چێژی ئازار، پڕن لە شاری غەمگین و لالەزاری خنکاو، ماڵاوایی لەو ڕۆژگارانەیە کە پەناگەیەك نییە بۆ دونیای ئەرواح، ئەو ئەرواحانەی کە جێپێیان لەسەر بەردەکان بەجێماوە، ماڵاواییە لەو نیشتمانەی کە بەحاڵی مەقامەکانی عیشق و ئینفیرادی تامی دوعا دەڵێت: "خوایە... دەنووم تا هەتاهەتایە" (نیشتمان، ل264). بەڵام ئەو ماڵاواییە کە پڕە لە مانای کابووس و کیژە غەمگینەکان و ئەسپە ماندووەکان، ماڵاوایی سووری ژیانی پەپولەکانە لە ژوورێکی بێ بەلەکۆندا. ماڵاواییە کە پڕە لە ئافاتی شیعرو هەڵگرتنی تەشی شیعر لە تەفسیرکردنی ماناکانی ژیاندا، ئەوە ڕوئیای شیعرییە کە دەیەوێ بڵێ: من تەنیا ماڵاوایی دەزانم، چونکە ئێوە نوقمی گوناهێکی گەورەن بەرامبەر بە خۆشەویستی و ژیان. چونکە تەنیا ئەنگێزە درێژە بە مانەوەی مرۆڤایەتی بدا، قبوڵکردنی مەرجی ژیاندۆستییە. "بەڵام ئەمڕۆ خۆشەویستی ژیان بێڕەنگ بووەو فەوتاندنی مرۆڤایەتی شتێکی دوور نییە" (فرۆم.ل190، 2002). چونکە "ئەو وروژانانە/ وەکو خۆشەویستی، هاوپەیوەندی، ئێرەیی، رق لێبوونەوە، غیرەو چاوچنۆکی و هتد..لە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن" ( فرۆم، ل190، 2002).

ئەوەی واتاکانی ژیان تێکدەدات، شکستی پەیوەندییە ئەفسووناوییەکانی مرۆڤ و نشوستی خۆشەویستی و حورمەتە بۆ ئەویتر، بەو مانایەی خۆشەویستی شتێك زیاد دەکات بۆ ژیان، هەڵبەت ئەو شتەش شتێکی جوانە، قوڵبوونەوەی واتاکانی ژیانیش لەوەدایە هەموو شتەکان شتێك زیاد بکەن، بەڵام شتێکی جوان. بۆیەش بەختیار

نزیکترو چڕتر دەبێتەوە لە ڕەگەزەکانی ژیاندۆستیوماڵئاوایی لە هەموو ئەو پیاوانە دەکات کە جگە لە مەرگ چیتر لە ناوچاوانیان ناخوێنیتەوەو درێغاو ئەسەفیش بۆ ئەو کیژانە دەخوا کە نەیانتوانی بە نیگا پڕ لە سۆزەکانی خۆی ژێریانکاتەوە، هەر لەم سۆنگەیەوەش درێژە بە حیکایەتە شیعرییەکانی خۆی دەداتو دەڵێ:

**پادشاکانی بەدبەختی دەیانبینیمو دەیانگووت**

**ئەو لێوە زیوینە ناکامانەت لەکوێ بوو؟**

**ئەو برژانگە زەردانەی ناموداریت بەجێ هێنا؟**

**منیش، ئەفسوس، حەزم لە ژیان دەکرد**

**بیری کەنار جۆگەلە ڕەشەکانم دەکرد**

**تا لە ڕۆخە تەنهاو زەردەکانیدا بێمو بچم**

**دەمویست وەك ئەو سەربازە عاشقانەی، پەپولە ناهێڵێت بخەوێت**

**لە نزیك تەبارە خوێناوییەکانەوە، ڕابکشێمو ڕیشم لەسەر سنگم**

**بخشێت، ڕیشێك پڕی بێت لە هەتاوی بەجێماو**

**لە تۆزی تەختەسرەکانی قوتابخانە، لە ماچی کوشندەی کچە غەمگینەکان**

**سنگم هێشتا جێگازەکانی منداڵیی دایکی تیابێت**

**پڕ ببێت لە ختوکەی ڕۆژگارە دێرینەکان**

**پڕ ببێت لە ترسی بێئەندازە لە باڵەخانەی بەرزو**

**لە خۆشەویستیی گەورە بۆ کۆترو قومرییە باڵڕەشەکان**

**پڕ ببێت لە ترسی گەورە لە تەنهایی، لە حەزی گەورە لە تەنهایی...**

بەختیار دەیەوێت بڵێت لە کۆتاییدا هەموو مرۆڤێك بەتەنها دەوەستێت. ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە لە دەورین گرنگیی نابێت، یان ئەو چەند بەناوبانگە، ئەو لە زۆربەی ساتەکانی ژیانیدا خۆی بە تەنها دەبینێتەوە. "ساتی لەدایکبوون دنیایەکە لە (تەنهایی) هەروەك لە ساتی مردندا، لەنێوان ئەم دوو ساتە گرنگەدا تەنهایی ساتەکانی فرمێسك هەیە، ساتەکانی کێبەرکێ لە پێناو گۆرانکاریدا. ساتەکانی وەرگرتنی بڕیار لەو کاتانەدا مرۆڤ تەنها ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کەسی تر ناتوانێت لە پاکیی فرمێسکەکانیو دەردەسەرییەکانی بگات یان پاڵنەرە ئاڵۆزەکانی پشت بڕیارەکانی تێبگات"... (د. بوسکالیا، ل115).

بە شێوەیەکی جەوهەریش زۆربەی خەڵك بە نامۆیی دەمێننەوە، هەتا بە نیسبەت ئەو کەسانەش کە خۆشیان دەوێن. بەوپێیەی دەکرێ مرۆڤ تەنها بێتو هەست بە گۆشەگیری نەکات، بە پێچەوانەوەش دەکرێ مرۆڤ گۆشەگیر بێت کاتێك لەناو خەڵکیشدایە"... (د.بوسکالیا، ل116).

ئەم ڕۆژگارە بەسەرچووانە یەکەمین سەرەتایە کە ئەمی شاعیر لە دەروازەکانی دەداتو دەیەوێت بێتە ناویەوە بەڵام ئەم بەجۆرێك بەندە بە سیفاتو خودی ئەو ڕۆژگارانە خۆیەوە بەتایبەتی کاتێ بەرامبەر کۆمەڵێك وێنەی تراژیدی دۆشدادەمێنێ، چەند فشارو پاڵەپەستۆیەکی دەروونی ئازاری دەداتو ناچاری ماڵئاوایی دەکاتو لە بەرامبەریشدا چەندین دەلالەتمان پێدەبەخشێ لەوانە، خۆشەویستیی خاوەن سۆزی قوڵو ڕەسەنەو هەرگیز دەنگی بەرز ناکاتەوەو پڕ لە هاوارو غەڵبەغەڵبی نییە، بەڵکو سادەیەو دەیەوێ ژیان ئەزموون بکاتو خۆراگر بێ، خۆشەویستی بە جوانترین شێوە دەدوێ و بەردەوام لە ململانێدایەو گرفتی زۆرە، لە خۆشەویستیدا هونەرو هێمنیو ئاشتی لەدایك دەبنو گوڵ ناسکترو منداڵ پاکتر دەبێتو زمانێك دەخولقێنێ کە دەوڵەمەندە بە واتای بەرزو جوان بۆ ئەوەی بیر لە هەموو شتێك بکاتەوەو هەست بە هەموو شتێك بکاتو ڕابمێنێت لە مانا وردەکانی ژیان، خۆشەویستی دڵی پڕە لە هەستکردنی نوێ. باشترین بەڵگەی ئەم دەلالەتە شیعرییانە ئەم چەند دێرەی قەسیدەکەن:

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانەی.... زەنگیانە بە چەترەکانمانەوە بوو**
**لە ئەستێرەکان پاڕامەوە نەمرن**
**لە ئاوە زیوینەکان و هەورە درکاوییەکان پاڕامەوە نەبارن**
**چەندجار شەونخونیم بەدیار هەورە نەخۆشەکانەوە کێشا**
**"نیگام پڕ بوو لە شاری نەدۆزراوە"**
**پڕیبوو لەو پیاوانەی بە فیکە قسە لەگەڵ درەخت و با کێوییەکاندا دەکەن**
**پڕیبوو لەو لمە زەردانەی، لە کەناریا زێڕیان دەدۆزییەوە**
**بەناو دارستانەکاندا ڕۆیشتم و ئەو کیژانەم بینی**
**کە هەزار مەمکیان هەیە و هەزار لێو**
**دەمویست ملیۆنێك پەنجەم هەبێت و ملیۆنێك چاو**
**دەمویست هەزار پەپولە بگرم و هەزار "با" بمهەژێنێ.**
**هەزار ئافرەت ماچبکەم و هەزار ئافرەت ماچمبکات**
**چونکێ هەزار لێوم هەیە و هەزار گۆنا**
**بینیم درەختەکان گۆرانی دەڵێن**
**دڵدارە نامۆکان دەگرین و فرمێسکەکانیان وەك ئەڵماس دەدرەوشێتەوە**
**خەنجەرەکانم بینی پەشیمانبوون، ڕێگاکانم بینی پەشیمانبوون.**
**تفەنگەکانم بینی پەشیمانبوون، ئەوەی کە پەشیمان نەبوو ئێمەبووین..**
**لە بەلەمەکاندا جگەرەمان دەکێشا و دەڕۆیشتین، پەشیمان نەبووین و دەڕۆیشتین..**

«هەر لێرەوە پەیوەست بە دیدو بۆچوونی شیعرەکە کە دەبێتەوە بەخودی شاعیر سەرەتای رووخاندنی دنیایەك دەست پێ دەکات، کە لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە دەستی لێنەدراوە. بەمانایەکی دی ئەو قۆناغە لە ڕووی ئەخلاق و دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە وەکو بابەتێکی پیرۆز لێی ڕوانراوە. بەڵام ئێستا دەستپێکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی شارستانی لە پرۆسەی جوڵەیەکی سروشتیدا ئەو پەیوەندیانە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات»... (قەرەداغی، ل١٣٢) .

بەسۆزە جوانەکان و هەستە بەرزەکان ژیانێکی جوان دادەمەزرێت، هەرچەندە هیچێتی ژیان هیچ کاتێك واینەکردووە مرۆڤ لە هەوڵی تازەکردنەوەی پەیوەندیدا نەبێ لەگەڵ ژیان، ژیان بەردەوام لە هەوڵی پتەوکردنی ئەم پەیوەندییەدابووەو هەمیشەش خۆشویستراوە، بەڵگەشمان ئەوەیە بەو هەموو سەختیو نالەباری و دزێوی و ناشیرینی و نادادگەرییەی ژیانەوە، کەچی ژیان بەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەمانبات و ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبێتەوە بە بەشێك لە خۆشەویستیی ژیان، دەشێ پاساوی دڵتەنگییەکانی مرۆڤێك ئەوەبێت کەژیان مومارەسەیەکی پوچە و ئەوەنییە بەختەوەرت بکات، کەچی هەموو ئەو قسانە واناکات ئەم مرۆڤە لە پرۆسەی کۆی ژیاندا دابڕکات و ئەم مرۆڤە خاڵیکاتەوە لە ژیاندۆستی.

هەر لێرەشەوەیە ئەم بابەتە وا لە کەسێکی وەکو (رجاء النقاش) دەکات بڵێت: «ژیان بە ئاسانی بەختەوەریی نهێنی خۆی نابەخشێ.. پێویستە لەسەر مرۆڤ بەچاوی پرۆژەیەك لە ژیان بڕوانێت.. پێویستە کار بکات لەسەر لێکۆڵینەوەو جێبەجێکردنی.. هەروەك چۆن ئەندازیارێك هەڵدەستێت بە دانانی نەخشەی خانوویەك و هەر ڕۆژەی شتێکی تازەی بۆ زیاددەکات تا تەواو دەبێت.. پێویستە لەسەر مرۆڤیش وابکات هەر ڕۆژە شتێکی نوێ بۆ ژیان زیاد بکات .. وەك خوێندنەوەی پەڕاوێکی بەسوود یان دەربڕینی چەند وشەیەکی جوان و چاك. ئاگاداری خۆی بکات و پرسیار لەخۆی بکات.. تاچ ڕادەیەك من بەسوودم بۆ ژیان؟»... (النقاش، ل٢٥).

هەر بۆیەش هەقە مرۆڤ هیچ کاتێك نەفرەت لە ژیان نەکات و بەردەوام هەندێك ئامرازی بەدەستەوەبێ بۆ

ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ژیاندا قوڵترکاتەوە. بەختیار لە بەشی پێنجەمی قەسیدەکەیدا وردتر سەرنجمان بۆ ئەم بابەتە رادەکێشێ کاتێک دەڵێت:

**لەمێژبوو، نەتدەزانی مرۆڤێك ماوە لە دارستان**
**خۆشیدەوێیت**
**تەنها تۆ بەو چاوە پڕ لە گوناه و تەفرەیەوە دەتزانی**
**ئیدی ناگەڕێیەوە بۆ جەنگ و هیچ ئافرەتێکیش تەماشام ناکات**
**بەڵام دەتزانی، دونیا پڕیەتی لە پەپولەو زەوی پڕیەتی لە دارستان**
**تەنها تۆ دەتزانی لە دارستانەکان و لەتەك پەپولەکاندا نەبێت،**
**ئیدی ناژێم**
**دەتزانی لە چاوەڕوانی سەفەردا پیردەبم و گوڵ لە نابەینی**
**پەنجەکانی پێمدا دەڕوێت**
**پیردەبم و هەتاو لە نێوچاوانمدا ئاوادەبێت**
**دەڕوانم و دڵم پڕە لە پەژارەت**
**یەزدانیش دڵنەوایم دەداتەوەو نازانێت بۆچی دەگریم**
**فریشتەو پێغەمبەرەکانیش دڵخۆشیم دەدەنەوە و نازانن**
**بۆچی دەگریم... بۆچی دەگریم..**

شاعیر هەموو ئەو توخمانەی سروشت و دەوروبەری خۆی یان ئەو رووداو و دیاردانەی کە لە دەوروبەریدا روودەدەن دەگوازێتەوە بۆ ئاستی مرۆڤ، لەو روانگەیەوە کە دەیانکات بە بەرزکەرەوەی پرسیار لە دەقەکەدا، پرسیارەکانیش ئاراستەی ئەم دەکەن، واتە ئەگەرچی ئێمە وا سەیرکەین کە منی شاعیر هەموو دەوروبەرەکەی خۆی وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو وان، بەڵام بەرزکردنەوەی پرسیارەکان لەلایەن رەگەزە نامرۆیەکانی دەوروبەرەوە جۆرێك لە پەرتبوون لەنێوان ئەو رەگەزانە و منی شاعیردا ئاشکرا دەکات، کە ئەوەش ئەو مەدلولەی هەیە کە بنەماکانی یەکبوون و یەکگرتن لەنێوان منی شاعیرو رەگەزەکانی دەوروبەریدا لاوازە، بە ئەندازەیەك ئەو رەگەزانە زۆر شت لەبارەی منی شاعیرو بەرنامەو پەیامو عیشقو دڵدارەکەشیەوە نازانن.

دەتوانین بڵێین ئەم دەقە، لەو دەقانەیە کە خوێندنەوەیان سانانییە با لە رووی دەربرین و وێنە و ئاماژەشەوە قورس نەبێت. چونکە ئەم دەقە بەرهەمێکی گەورەیە کە مەعریفە بەرهەم دەهێنێت. (ئای لەو رۆژگارە خۆشانە) دەقێکی شیعری، تا ئەوپەڕی دوورە لە داخراوی، دەقی داخراو دیارە ئەو دەقەیە کە ئێمە ئەگەر بە دەقیشی دانەنێین، ئەوا ناوی دەقی مردووی لێدەنێین.. «دەقی مردوو نیشانەی زمانی مردوو هەڵدەگرێت، زمانیش دارژانێکی بۆ نێو سۆسیۆلۆژیا هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین مرۆڤ بارە سۆسیۆلۆژیەکەش بەدوای خۆیدا دێنێ»... (ئەسکەندەر جەلال، ل١٠٠). دەکرێ ئای لەو رۆژگارە خۆشانە رۆژگاری ئەو پرسیارانە بێت کە لای خوێنەر مەوجودە، بەڵام دوورەپەرێزە لە لایەکانی یاد، یاخود دەکرێ خوێنەر خۆی ئەو شتانە وەربگرێتەوە کە هی خۆیەتی، بەڵام کەسێکیتر دووبارە پێیدەداتەوە، بەڵام کاتێك خوێنەر بۆ دووەم جار دەقەکە دەخوێنێتەوە ئەمجارەیان هەموو خەمەکان ئاوێزانی دەریاچەی بوونی دەبێت، واتا ئاسەواری ئەو هەموو عەشقە زیندووە سەرلەنوێ مرۆڤەکان لە گۆشەی دۆگمابوون دەردەهێنن و بە جەوهەرێکی تازە دەیخەنە گەڕ.

شاعیر لە پەرەگرافی یا لە پاژی شەشەمدا بەمجۆرە درێژە بە قەسیدەکەی دەدات و حیکایەتی رۆژگارە خۆشەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**ئای لەو رۆژگارە خۆشانەی**
**خنکام و لێوێك نەبوو ماچمبکات، خنکام و لەبری قژ**

**گوڵی ئاوی لەسەر سەرم ڕواوە، لەبری دڵ، ماسی لە سینەمدا**
**بووە، گیرفانەکانم پڕبوو لە لمی دەریایی، خنکام و کۆترەکان**
**سەیریان دەکردم و دەگریان، پەنجەرەکان سەیریان دەکردم و دەیانزانی**
**دەمرم، بە ئەسپە ئاویەکانم گووت:**
**ئێوە شاژنە هەلاتووەکانتان برد.. بمبەن، بە مەلەوانە چاوشینەکانم گووت،**
**ئێوە مرواریەکانتان فراند.. بمفرێنن، بەڵام چۆن لە شەقام و**
**قوتابخانەو ئاهەنگەکان، فەرامۆشتان کردم، فەرامۆشتان کردم، نیلۆفەر لە گەرومدا**
**سەوز بووە، خنکام چۆن عاشق بەناو گوڵەکاندا، دەڕوات، بەنێو ئێسکی**
**نەهەنگ و پاشماوەی کەشتییە نووقمبووەکاندا، تێپەڕیم.....**

ئەوە ڕۆچوونە لە دەریاچەی شیعرو قسەکردنە لەسەر پەیامی نوێبوونەوەی مرۆڤ لە کۆکتێلی جەستەو ڕۆحدا، بەڵام ئەوەی هەیە لە دەریای خنکان و نامورادییە، شینبوونی گوڵی ئاوییە لەسەر سینەو بوونی ماسییە لە سینە، ڕۆژگاری ئەو کەسانەیە کە بازرگانی بە ماچ و نوزە و پێکەنینی سەرەمەرگ دەکەن، ڕۆژگاری خنکانەو لەبری مرۆڤ کۆتر دێتە گریان و پەنجەرەو درەخت پەی بە ئازارەکانی مرۆڤ دەبەن و دەبنە خاوەنی رازو نهێنییەکان، نزاو تکاو داواکارییەکان لەبەردەم قاپیی مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەسپی ئاوی، ئەم ڕۆژگارە ڕۆژگاری ئەو کووخانەیە کە خەونی هەزارو یەك شەوەی پەپوولەکانی تێدا گەورە دەبێ، ڕۆژگاری ئەو ئەسحابولکەهفانەیە کە ژیان ڕاپێچی کردوون بۆ ئەوەی دووبارە پێناسەی گەڕەك و کوچە و کۆڵان و جۆگەکان بکەنەوە، دووبارە پێناسەی ژیان و فیردەوسی مەرگ بکەنەوە…

«خەیاڵ لە سروشتدا بێ یان لە هونەردا ڕەمزێکە حەقیقەتێکی ڕۆحی ئەو دیو دەردەبڕێ و، بەمە ڕێککەوتنێك لەنێوانی سروشت و خواستی ئینسانیدا، کە هەردووکیان بەشدارن لە تاقیکردنەوەی ئیستاتیکیدا پەیدا دەکات، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین ئادەمیزاد لەوەدا کۆبوویەکی ڕەوشتدارە لە جیهانێکدا دەژیا کە تەبایە لەگەڵ پێویستییە ڕۆحییەکاندا»… (میراودەلی، ل٨٤).

هەر ئەم خەیاڵە قوڵەشە وادەکات خودا لەم قەسیدەیەدا فۆرمی ئینسانی وەربگرێ و لە مرۆڤدا خۆی بنوێنێ «لێرەوە مرۆڤ بۆی دەلوێ خۆی بە خوا بچوێنێ و بە عەزاب پاك ببێتەوەو مردن قبوڵ بکات…. چونکە مردن پێویستە بۆ ژیانەوەی لەوەو دوای، ئەو ژیانە ڕۆحییەی کە لەدوایدا پڕشنگی خۆی بەسەربوونی گشتی هاوبەشی هەموو گەردووندا بڵاودەکاتەوە»… (میراودەلی، ل٩٦).

منی شاعیر کاتێ دەربارەی زەمینەی کۆمەڵایەتیی ماددی ئەم ڕۆژگارانە دەدوێت و خۆی لەم زەمینە دەناسێنێت دەردەکەوێت، کە تا چ سنورێك ئەم پەیوەندییانە پەیوەندییەکی ناجۆر و نا بەدڵ و دزێو بوون هەست دەکات جیابوونەوەو جولان لەم ڕۆژگارانەدا گەلێك گرانەو تەنهایەتیش سیفەتی ئاشکرای ئەو زەمینەیە کە دەیسەپێنێت بەسەر (تاك)دا ئەوەتا دەڵێت:

**خەونە نەدۆزراوەکانم دیت، بریسکەی زێڕە ونبووەکانم دیت**
**ئەو مردووانەی لەژێر ئاوەکاندا سەریان سپی بووبوو**
**ئاوم لە تاجی ئەمیرە خنکاوەکاندا خواردەوە**
**لەژێر هەتاوی هاویندا، پوولەکانم دەبریسکانەوە**
**بۆنی گیانە دەریاییەکان لە هەناسەم دەهات، خوێنم پڕبوو**
**لە گەرای ماسیو دڵی قرشە تینووەکان لە سینەمدابوو، بە ددانی**
**مرواریە، قسەم لەگەڵ فریشتە خەوتووەکاندا دەکرد، خواحافیزیم**
**لەو پەپولانە کرد، کە وەك کچ ماچیاندەکردم، خواحافیزیم لە کۆتری**

**دەریا کرد، کە وەك هاورێ لەتەکما دەیانگماند، خواحافیزیم**
**لە قرژاڵە بەرەحمەکان کرد، کە وەك منداڵ لە گیرفانەکانمدا دەگریان، گووتم،**
**ماڵاوا... ئەی هاورێ.... ماڵاوا، ئەی دۆستە نەشمیلەکان...،**
**من مناڵێکی تاكو تەنها بووم لە دنیا، تاكو تەنها...**
**درەنگە خۆشەویستان من سەفەرێکم لەبەرەو دەگەرێمەوە بۆ دەریا...**
**دەگەرێمەوە بۆ دەریا....**

ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت: «ئەگەر عاشق نائومێدبێت ئەوە لە شکان نزیك نابێتەوە، بەڵکو زرەی پارچە پارچە بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ... ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت ڕێگە بەخۆم دەدەم کە بڵێم: ئەو دەسەڵاتەی عاشق نەفی دەکات لە دەسەڵاتی خوا، کە فەیلەسووف ناچار بەدان پیانان و لە دەسەڵاتی مێژوو کە شاعیر ناچار بە خۆئاشکرا کردن دەکات، گەورەترو زەبراوی ترە»... (سیوەیلی، ل٥٤).

بەو مانایەی کە هێشتا گریمانەی مانەوەی شاعیرو فەیلەسووف لە دەقدا زیاترە وەك لە مەعشووق، زۆر بە ئاسانی و بەوپەڕی خاوێنییەوە بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت پەنجەی تاوانباری بۆ ڕابکێشێت، دەتوانێت عاشق بسڕێتەوەو مافی ژیانی بۆ هەمیشە لێبسەنێتەوە. دیارە مەعشوقیش بەنسبەت شاعیرەوە تەنها لە کەسێکدا کۆتایی نایێ و لەسەر هەموو ڕەگەزە جوانەکانی وەکو (پەپوولەو کۆتری دەریاو قرژاڵی بەرەحم و دۆستی نەشمیلەو...) دەگیرسێتەوە، هەر ئەم عەشق و خۆشەویستییە گەورەیەشە وا لە فەیلەسووفێکی وەکو (ویل دیورانت) دەکات بڵێت: «هەموو دەبێت بمرین و تەنها شتێك کە مردن ڕاودەنێ خۆشەویستییە، خۆشەویستی بەسەر گۆڕستانەکاندا هەڵدەفرێ»... (ویل دیورانت، ل٢٣٨).

درێژەی پێدەداو دەڵێ: «پارەو پوول ماندووت دەکات و عەقڵ و زانایی ڕووناکییەکی کزی سەردییە، بەڵام خۆشەویستییە کە لەگەڵ دڵداری، دڵەکان بێئەندازە گەرم دەکاتەوە. ئەم گەرمییە لە خۆشەویستندا زیاترە وەك لە خۆشەویستیدا»... (ویل دیورانت، ل٢٣٨). کاتێك منی شاعیر لە جووڵەی بەردەوامیدا گێڕانەوەی مێژووی ئێمە پێشکەش دەکات و ڕووداوەکانی لە سنووری پەیوەستبوون بە تاکە کەسێکەوە کە خۆیەتی دەرباز دەکات، وەکو ڕووداوی پەیوەست بە پانتاییەکی فراوانترەوە پێشکەشیان دەکات، کە ئەویش پانتایی مێژوو و شارستانیەتی ئێمەیە وەکو نەتەوە. لەو ئاقارەشدا ناکردەیی و نائامادەبوون نیشان دەدات، کە ئەویش بەڵگەی نەبوونی کردارە، کردارێك کە ببێتە سەلمێنەری بوونی بکەرێکی زیندووی ڕووداو دروستکەر لە پێشەوە... (قەرەداغی،ل٨٤). شاعیر بەردەوام دەبێت لە چنینەوەی ئەم پانتاییە مێژووەی نەتەوەی ئێمەو تێکەڵی دەکات بەیادەوەرییەکی سیخناخ لە ناکامی و نامورادیو نابەدڵی بەویست و حەزەکانی منی ژیاندۆستیو خۆشەویستیپەروەر، کە شاعیرە.

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە، کە ئازادی گەلێ دووربوو، دڵی من**
**گەلێ پڕ هیوا، خۆشەویستم، ئەو ڕۆژگارانەت لەیادنییە؟**
**کە خۆر هێندە کزبوو، مێشوولە پەرێشان و غەمگینەکان، بە چواردەوریدا**
**هەڵدەپەرێنێ، لەبیرتە؟ خۆشەویستم لە بیرتە ئەو ڕۆژە**
**خۆشانەت لەبیرە؟ بۆ ئەوەی خۆشەویستی و خیانەت لە یەکتر**
**جیابکەینەوە، دەبایە دڵی مرۆڤمان لە سینە دەربهێنایەو وەك فنجان**
**تێتا بروانیایە، لەبری گوڵ کیسەڵی خەوتوومان لەسەر پەنجەرەکان**
**دەدی، بەناو ئەو دارستانانەدا ڕۆیشتین، کە درەختەکانی لەسەر وەستا**
**بوون، بەپەنجەرەی پۆلەکانەوە بەسترامەوە، لەبیرتە چ ڕۆژگارێکی خۆش**
**پڕ لە غەم بوو، باوکم ناوی ژەنەراڵەکانی لە من چاکتر دەزانی...**

لەم چەند وێردەدا دەردەکەوێ منی شاعیر لە ئێستادا لە ڕووی خەیاڵو فلاشباکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو یان ڕابردوو لە بارێکی تردا تاوەکو ئێستا ئامادەبوونی هەیە لە ڕووی ئەو پراکتیکانەی کە تیایدا ئەنجام دراون و کاریگەری و جێکەوتیان لەسەر ئێستا ئاشکراو دیارە، بەپێی منی شاعیرو بەپێی ئەوانی بەرامبەریش کە ڕاستەوخۆ لە سنوورێکی فەزایی تراژیدیدا باسیان دەکات، ئەو پەنجەرەی کە منی شاعیر دەیکاتەوە لە ئێستا ڕاستەوخۆ بەسەر هێلی کاتدا دەڕوانێت، لێرەوە منی شاعیر دەیەوێت هەموو مێژوو ببینێت، منی شاعیر لە درێژەی ئاخاوتنیدا لەگەڵ ئەوەی بەرامبەردا بۆمان ئاشکرا دەکات کە لە ئاستی یەکەمدا ئەوی بەرامبەر خۆشەویستی یان هاودەمێتی بەسەرهاتی تفت و تاڵی تراژیدیاکانی بۆ دەگێڕێتەوە، لەو گێڕانەوەشدا لایەنەکانی ئەو تراژیدیانە ئاشکرا دەکات و هەر لەو سنوورەدا سیناریۆیەکی هەمەلایەنەی کارەساتەکان دەخاتەڕوو، کە پێی وایە هەموو شتەکان پیسبوون، هەموو جوانییەکان شێوێنراون، هارمۆنیای سروشت تێکدراوە، هۆی سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵێك کە لە پشتی هەموو ئەو پیسیانەوەیەو هەرچی بوون و جوانی هەیە دەیەوێ لەناوی ببات، لە بەشێکی تری پەرەگرافی حەوتەمی قەسیدەکەدا، شاعیر زۆر بە تامەزرۆوە دەگەڕێتەوە بۆ منالی و لە ڕێگەی ئەو منالییەوەش جوانترین و مەزنترین دروشمەکانی ژیاندۆستی و خۆشەویستییەکی ڕەها بەرزدەکاتەوەو دەڵێ:

**لە وانەکانی قوتابخانەدا.. گەرووم وشك بوو بۆ تۆزێك ئاو و ئازادی،**
**لە پۆلەکانی خوێندندا، عەوداڵی ڕاکردن بووم بەژێر بانەکانی پایزدا،**
**دەمویست ئافرەتێك لە ڕێگاکاندا بمگرێ و پێمبلێ: تۆم خۆشدەوێت**
**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە، ئەی هاوڕێی پەرێشان، وامان دەزانی**
**گەر فوو بکەینە دەمی یەکتر، سینگمان وەکو سینەی کچان بەرزدەبێتەوە**
**دەستمان پڕببوو لە گوڵ و هەناسەمان پڕیبوو لە خۆشەویستی، لە**
**دادگاکاندا هاوارمان کرد، ئێمە هاوڕێی هەموو سۆزانییەکانی**
**جیهانین، ئێمە برای هەموو وێڵگەردو پیاوە نامۆکانی جیهانین، لەسەر**
**دیواری قوتابخانەکان نووسیمان، نامانەوێت بزانین چۆن پارە ئەژمێرین،**
**وانەیەکمان پێبلێن... فێری خۆشەویستیمان بکات، زمانێکمان**
**فێربکەن، بتوانین دڵی کچە غەمگینەکانی پێخۆشبکەین، وانەیەکمان بدەنێ**
**تا بتوانین لە شەقامەکاندا سەما بکەین، ئاهەنگێکمان فێر بکەن، لەژێر**
**تیشکی ئەستێرەکاندا پێ بگرینە ئامێز، سێو دابەش بکەن و**
**پرتەقاڵ بکەینە دیاری، قوتابخانەیەکمان بدەنێ، ماچ و خۆشەویستی**
**تیا قەدەغە نەبێت، قەدەغە نەبێت کچان بە جلی کورتەوە سەما بکەن،**
**ڕووتی نەبێتە مایەی شەرمەزاریو لەئامێزگرتن نەبێتە مایەی سزا،**
**گوتمان چەرچەفی ئاوریشمان بدەنێ، با لەسەر شەقامەکان ڕایبخەین و**
**دوو دوو لەژێر درەختەکاندا بخەوین، گوتمان گوڵاومان بدەنێ،**
**با بۆنی چڵکنی هاوڕێ خائینەکانیان لەیاد بچێتەوە...**

دیارە هەموو ئەوانەی بەختیار بە زمانی منداڵێکەوە دەیڵێت دەربڕی ویست و حەزو عەقڵێکی گەورەترە لە منداڵ و دەیەوێت لە ڕێگەی خاوێنترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤەوە گەورەترین فەلسەفە بەگوێی مێژووی شارستانییەت و کولتووری ئێمە ببەخشێ، کە فەلسەفەی خۆشەویستییەو هەموو ئەو عەقڵییەتە دۆگما و تۆز لەسەرنیشتوو و کۆنەپارێزە ڕەتبکاتەوە و کولتوورێك بخولقێنێ کە بناغەکەی جگە لەخۆشەویستی و پایەکانی جگە لە ئاشتی و ڕایەڵەکانی، جگە لە جوانیو ژیاندۆستی شتێکی تر نەبێت، بۆیەش منالو زمانی منال و یادەوەری

منالّی هەڵدەبژێرێ، چونکە «منالّ دینامیکیەتی خۆشەویستی ورد نازانێ یان تێی ناگات، بەڵام پێویستییەکی بەهێزی پێی هەیە، هەتا دەکرێ نەبوونی خۆشەویستی کاریگەری لەسەر گەشەکردنیو پەرەسەندنی هەبێت یاخود دەبێتە هۆی مردنی ئەم پێویستییەو لەگەڵ تەمەنی پێگەیشتندا ناگۆرێ»... (د.بوسکالیا، ل١١٨).

لە زۆربادا پێویستی بۆ هاورێیەتیو خۆشەویستی دەبێت بە ئامانج و پاڵنەری سەرەکی بۆ ژیانی تاك، نەبوونی خۆشەویستی و عەقڵی ژیاندۆستی هۆکاری سەرەکین لە دروستبوونی دەیان نەخۆشیی دەروونی و قەیرانی مرۆڤایەتی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا. بۆ دەربرینی خۆشەویستیش کە جەوهەرەکەی هاودەمی و ژیاندۆستییە وێنەیەکی ئینسانی تر لە خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ نییە. ئەفلاتون، فەیلەسوفی خۆشەویستی وتوویەتی: «هەر کەسێ دەستی خۆشەویستی نەگەیشتێ لە تاریکیدا بەرێدا دەروات»... (دیورانت، ل٢٣٨).

«راستە کە پیاوان بەدوای ژناندا دەگەرێن و خۆشەویستی کە (سورێنەری خۆرو ئەستێرەکانە) رۆح پێش ئەوەی جەستە لەناو بچێت دەگەیەنێتە قۆناغێکی گەورەو خێرا، بەڵام بۆچی؟ خۆشەویستی لە روانگەی شیعرەوە سەرچاوەیەکە کە بەدرێژایی ژیان لە دڵی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ، رازی ئەم هەمیشەیی بوونە لەچیدایە؟ بۆچی لاوێك بەدیتنی ئەو مووە فرانەی کچان کە بەتەختی ناوچەوانییەوە هاتۆتە خوارێ، دەکەوێتە لەرزە یان لەرێکەوتنی پەنجەکانی بەسەر باسکیدا دەکەوێتە دڵە کوتێ؟بۆ جوانی کچە؟ یان خۆشەویستی لە دروستکردنی جوانیدا هەر ئەوەندە گرنگە کە جوانی لە دروستکردنی خۆشەویستی دایە؟»... (دیورانت، ل٢٦٦) لە کاتی هاودەمی کردن و خۆشەویستی رۆمانسیانەدا خۆمان بە شێوازی جەزری دەگۆرین بۆ وەدەستهێنانی پێشوازی و چاکەی ئەو کەسەی خۆشمان دەوێت، چونکە پێویستیمان بەوانی تر هەیە... «پێویستیمان پێیانە تاکو خۆشەویستی بکەین و پێویستیمان بەوە هەیە کەخۆشیان بوێین...گومانی تێدانییە کە بەبێ ئەمە وەکو ئەو منداڵە دەبێت کە بەتەنهایی جێی دەهێڵین، لە گەشەکردن رادەوەستێت، لە پەرەسەندن دەوەستین، شێتی هەڵدەبژێرین تەنانەت مردن و وێرانیش هەڵدەبژێرین»... (د.بوسکالیا، ل١٢٠).

منی شاعیر لە پاژی هەشتەمی قەسیدەکەدا دەگاتە ئاستی باسکردنی ناسنامەی ئەو بکەرەی کە رووەو ژیان دەجوڵێ و کاردەکات، بۆیە دەڵێ:

**ئای لەو رۆژگارە خۆشانە، گەمێیەك بووم پر لە گەنم،**
**باڵدارە ئاوییە وێڵەکان لێیانخواردم، کەشتییەکی تەنها بووم**
**تارمایی دەریاوانە شەکەتەکانم، سواردەکرد، تۆرە پەشیمانەکان**
**لەسەر سنگم دەگریان، ماسییە کوژراوەکان شکاتیان لەلا دەکردم**
**ئەو دارستانەم بینی، لەسەر رووی زیوینی ئاوەکان روابوون،**
**لەسەر رووی ئاوەکە گاگۆڵکێم دەکرد، پەری دەریاکان**
**نێوچەوانی گەرمو سووتاویان ماچکردم، وەك کوێرەکان**
**رۆیشتم، تا شەپۆلە دڵنەرمەکان، دەستمبگرن، لە گلێنە**
**شەرمنەکاندا، ئەو ماسیانەم شاردەوە لە ترسی ئاو هەڵهاتبوون**
**گریام بۆ ئەوەی تاریکستانەکانی شادی ببینم، تا بینیم لە**
**قوڵترین جێگای خۆشیدا، قریشگەی چ ترسێك خۆی حەشارداوە،**
**کەشتی چەتەکان، دەستیان بۆ راوەشاندم و گوتیان: ئەی**
**بەلەمی پر لە خۆشەویستی، خەزنەکانی خۆتمان بدەرێ، رەحمی**
**نیگاکانی خۆتمان نیشانبدە، ئەی کەشتی (بەختیار) کە بەو دڵە**
**شادەوە بێباك چاوانت لێکناوەو دەرۆیت، ئەو ژن و پیاوە عاشقانەت**
**لەیادە، لەسەر بەستەکانی تۆوە سەیری بەندەری ئاواتیان دەکرد،**

**ڕۆژگارێ کە چارۆکەکەم وەك کراسی شایی پڕێتی لە وێنەی گوڵ،**
**ڕۆژگارێکیش وەك تەعزیبارەکان ڕەشپۆشم، ئەو نەخۆشانەم**
**هەڵگرتەوە، لە خەستەخانەی بەندەرەکانەوە توڕیان دابوونە دەریاوە،**
**ئەو زیندانیانەم پەنادا، کە بە زنجیرو دیوارەکانەوە هەڵهاتبوون، من**
**کەشتی کارەساتی ئەم ڕۆژگارەم، خەوم بوو، ئازار نەهێڵم،**
**من کۆیلەم بەم خاك و ئەستێرەیەوە، نە دەتوانم لێیهەڵێم و نەدەتوانم**
**بەجێیبێڵم.**

شاعیر پێمان دەڵێت ئەوەی کە منی کردۆتە تەرم و بەدرێژایی مێژووش خۆم هێشتۆتەوە، هێزێکە لە دەرەوەی بوونی خۆم، هێزێکە بۆ زیاتر پەروازەبوون و ئاوارەکردنی ئێمە کاردەکات و دەجووڵێت، هەر لێرەشدا یەکگرتنەوەیەك لە نێوان منی شاعیرو بەرامبەرەکەی یان هەوەڵ و هاودەمەکەیدا لە بەرامبەر ئەو هێزەی تردا دروست دەبێت و دەبن بە دوانەیەك لە کۆششکردن لە پێناو چێژدا، یاخود ڕاکردن لە ئازاردا و ڕۆژگار دەبێ بە ڕۆژگاری ڕاهێنانی پرسیارە شیعرییەکان لە کەشکۆڵی نوێبوونەوەی پەلکەزێڕینەی فەرهەنگدا، لە بەرامبەری غەمگینی و مەلوولی، خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی دێتە گۆڕێ بەو مانایەی کە سپینۆزا تێیدەگات و پێیوایە: «شادی بەرەنجامی ئەقڵەو غەمگینی و مەلوولیش بەرەنجامی گرتنەبەری ڕێگای هەڵەی ژیانە».. (فرۆم،٢٠٠٢، ل١٩٢). چونکە هاوخەمی لە خۆشەویستی مرۆڤایەتی جودا ناکرێتەوە. «هەر کوێیەك خۆشەویستی لێ نەبوو هاوخەمیشی لێ نابێت، بەرامبەرەکەی هاوخەمیش بێدەربەستییە»... (فرۆم،٢٠٠٢، ل١٩٤).

دەکرێ بڵێین جەوهەری قەسیدەکە پێکدێ لە دوو ژیان، لە دوو جیهان یان دوو بوونەوەر، لە دوو سروشت... کە یەك لە دوای یەك خولی ئەو قەسیدەیە بەڕێوەدەبەن، واتە هەردوو جیهانەکان تەواوکەری یەکترن وەك دوو دەست، وەك دوو بەرامبەر لە یەکی دەچنە پێشەوە، خوێنەر دەبێتە جیهانی سێیەم و سەیری ئەو دوو جیهانە دەکات، جیهانێك پڕە لە مرۆڤی جەللاد و مرۆڤکوژو پەپوولە سوتێن و ژیانکوژو مەرگدۆست، جیهانێکیش کە سیخناخە لە خۆشەویستیو پڕیەتی لە ئاوێزانبوون لەگەڵ سروشتو گوڵو پەپوولەو ئاو و کچو سەما... هەتا بە جۆرێك شاعیر مەعریفەیەك دەخولقێنێ، کە مەعریفەی خۆشەویستییەو پرسیارانێ دروست دەکات کە تەنها ئەو کاتە نرخ وەردەگرن کە دەبن بە خاوەنی تێڕوانینی نوێ لە بارەی مەغزا قووڵەکانی خۆشەویستی، یاخود وەکو (ریلکە) بەوپەڕی وردبینییەوە گوزارشتی لێدەکاتو دەڵێ: «خۆشەویستی بکرێ بۆ گەیشتن بە وەڵام»... (د.بولیاسکا، ل١٢٤).

لە بەشی نۆیەمی قەسیدەکەدا شاعیر بەرجەستەی ئەو باری ونبوونو ناسەقامگیرییەی ژیاندۆستیو بەها باڵاکانی بوونی ئینسانی دەکات، چ لە ڕووی ڕوانین بۆ (تاك) کە لێرەدا بکەری شیعرەکەیە، چ لە ڕووی ڕوانین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بکەری شیعرە، وەکو ئەندامێکی کۆمەڵ بە دەستییەوە ئازار دەچێژێو هەست بە ونبوونو نائامادەبوونی خۆی دەکات، هەمیشەش وەك عاشقێکی نائومێد سەیری خۆی دەکات، بیریشمان نەچێت «ئەو مرۆڤەی لە عەشقدا ناکام دەبێت (ژیان)ی لێدەبێتە ئەو تەلزمە شووشەیەی لە هەموو ساتێکدا لە ڕۆحی هەڵدەچەقێت»... (سیوەیلی، ل٥٥).

ئەمەش چونکە لەو ڕێگایەدا یان بەرەو بەهەشت ڕێنوێنی دەکرێین یان بەرەو دۆزەخ، دواجار بەختیار بەمشێوەیە کۆتایی بە دوا بەشی قەسیدەکەی دێنێ، کە هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی حیکایەتی ڕۆژگارە خۆشەکانو دەڵێ:

**ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانەی لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا**
**مەست بووم و لە پێخەفی خۆشەویستیدا لەگەڵ ئافرەتە**
**داوێنپیسەکاندا نوێژمکرد، بەیانیان گوڵەگەنمە خەوتووەکانم**

**خەبەرکردەوە وەك ئاغایەکی دڵڕەق کێڵگە نابووتەکانم**
**سزادا، لێوم دابووە دەست موعجیزەی ماچو جەستەم دابووە دەست**
**ئەفسوونی خۆشەویستی، بەئاگا هاتمەوەو بینیم عاشقم، بۆیە**
**لەسەر سوچەکاندا داوای شوناسنامەی خۆشەویستییان لێکردم،**
**بۆیە ڕۆیشتم تا لەژێر لمی بیابانەکاندا بۆ سێبەری پێغەمبەرەکان**
**بگەڕێم، یەخەیانبگرمو پێیانبڵێم، ئیدی تەواو ڕۆژگاری**
**موعجیزە بەسەرچوو، با ئەو گۆچانە سیحریە لەدەست**
**"موسی" بستێنمو بیدەم بە کوێرێك، کەسی نییە، لە**
**جەنجاڵی بازاڕەکاندا دەستی بگرێت، خاچەکەی مەسیح**
**بدەمە دەست دارتاشێك، بیکاتە دارشەق بۆ ئەو سەربازانەی**
**جەنگ هەردوو قاچی لێسەندن، بە "موحەمەد" بڵێم**
**کتێبەکانی کۆبکاتەوەو بێت گوێ لە فاڵچییەکان بگرێت،**
**پێیانبڵێم، ئەو ڕۆژگارانە بەسەرچوو، کە ژیانیان بەدەست**
**خوا بوو، ژیانمان ئێستاکێ بەدەست سەرکردەو دەوڵەمەندو سۆزانییەکانە.**

بەختیار دوای ئەوەی پێی وتین با لە ڕێی عەشقەوە فێر بین «چونکە هیچ کاتێك عەشق کەسی لە خەونەکانی دوور نەخستۆتەوە»... (کۆیلۆ. ل١٣٠)

دوای ئەوەی پێی وتین خۆشەویستی هەمیشە نوێیەو بە بەردەوامی سەرقاڵی کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەی تازەیە تاکو ڕێگا بە چوونە ناوەوەی بیرۆکەکانو لێپرسینە بریقەدارەکان بدات، دوای ئەوەی پێی وتین خۆشەویستی بەشداری لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا دەکاتو بناغەیەکی جێگیر پێشکەش دەکات، ئەوا دوای گوتاری شیعری قەسیدەکەی ئاراستەی پەیامبەرە ئاسمانییەکان دەکاتو پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئێستاکێ هیچ یەکێك لە موعجیزەو حیکمەتو داناییەکانی ئەوان کاریگەرییان نەماوە لەسەر بەرهەمهێنانی ڕۆحی ژیاندۆستیو خۆشەویستیپەروەری، بۆیە لێیان نائومێد دەبێو داوای بەخشینی ئەو هێزە غەیبییەیان لێدەکات کە هەیانبووە، بۆ ئەوەی کوێرێك لە جەنجاڵیی بازاڕەکانی ئەمڕۆ (کە بێگومان دەکرێت ئەو کوێرە هەموومان بین)و سەربازێکی هەردوو قاچ براو ڕزگار بکاتو ئاماژە بەوەش بکات کە ئێستاکێ ژیان بەو شێوەیە ڕێ دەکا کە سەرکردە دڵڕەقەکانو دەوڵەمەندە بێبەزەییەکانو سۆزانییە بێئابڕووەکان خواستیانەو ئێستا ڕاددەی ناکۆکیی نێوان ڕەگەزەکانو ئایینەکانو نەتەوەکان، لە بەرزترین ئاستی خۆیدایەو ئەوەندەی پەیامی وێرانکردنو کۆتاییهێنانی ژیانیان پێیە، ئەوەندە ناتوانن مرۆڤایەتی لە مەترسییەکانو تراژیدیاکان دوورخەنەوە، ڕێزو شکۆمەندی بۆ بگێڕنەوە. ئەم هەموو تەنگەژانە ئەگەر بەهۆی نەبوونی خۆشەویستییەوە نەبێت، چیترە؟

هەر لە هەلومەرجێکی ئاواشدایە کە مرۆڤایەتی ژیان بە دۆزەخو تاریکستان ناوزەند دەکاتو تووشی نامۆبوون بە خودی خۆیو ژیانو بوون دێت، ڕەشبینیو نائومێدی دایدەگرێتو مەرگ لە بێماناترین شێوەکانیدا دەبێتە هیواو فریادرەسی مرۆڤایەتی بۆ ڕزگارکردنو دەربازبوون، هەر لە هەلومەرجێکی ئاوا سەختدایە کە تاکەکان نزیکترین ئومێدیان دەمرێتو دوورترین ئاسۆکانیشیان زوڵمەت دایدەگرێتو خۆری بەختیاری تێدا هەڵنایەت.

ئا لێرەوەیە بە گرینگمان زانی باسەکەمان لەسەر (ژیانو خۆشەویستی) بێتو باس لە پەیوەندییەکانیان بکەینو پەیوەستی بکەین بە خەونو ئایدیای مرۆڤەوە، ئەو خەونو ئایدیایانەی پەیوەند بە خراپیو ناشیرینیو گەندەڵیی ئێستاوە لەدایك دەبنو مرۆڤ لە پێناو واقیعیکردنەوەی ئەم خەونو ئایدیایانە دەکەوێتە پرۆسەی نواندنی قارەمانییەتی بەرەو ئاراستەی ئایندە.

## *ئەنجامگیری

لە کۆتایی ئەم باسەماندا بەم ئەنجامگیریانەی خوارەوە گەیشتین:

یەکەم: چەمکی ژیانو خۆشەویستی ئەم دوو چەمکە گرنگو زیندووەن کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر بوونو چارەنووسی مرۆڤەکانەوە هەیەو دەبێ هەموو زانستەکانو فەلسەفەکانو ئایینەکانو کایە هونەریو ئەدەبییە جیاجیاکان بە تەنها بۆ یەك ستراتیژ کاربکەنو ئاراستە وەرگرن، ئەویش ژیانو خۆشەویستیو سەروەریی مرۆڤە لە مانا یەکجار فراوانو قووڵەکەیدا، چونکە تەنها بە هۆی تێگەیشتنمان لەم دوو چەمکەوە دەتوانین درێژە بەبوونی ئینسانیانەمان بدەین.

دووەم: قەسیدەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) هەڵگری کۆمەڵێك وێنەی شیعری چڕو پڕو زمانی تا ڕاددەیەك ئاڵۆزە لە ڕووی ڕێزمانو تێکەڵاوکردنی وێنە شیعرییەکان و نەبوونی بنیادو ئیقاعێکی ناجێگیری ڕستەو دێرەکان.

سێیەم: یاریکردن بە کاتو دەمەکانی فرمان، بەکارهێنانی چەندین وێنەو ڕستەی هاوشێوە بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست تێکڕا ئاڵۆزیو ناسەقامگیری باری دەروونیی بکەری شیعرەکە نیشاندەدەن، کە نیگەرانی ڕۆژگاری نائامادەیی خۆشەویستیو ونبوونی بەها باڵاکانو نغرۆبوونی عیشقستانە.

چوارەم: گرنگیی قەسیدەی (ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە) لە هەڵگرتنی ئەو جیهانبینییە دایەو دەشێ وەکو سەرەتای ئەزموونێکی نوێی شیعری لێی بڕوانرێت، کە ئێستا لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا، چ لە کوردستانو چ لە دەرەوە هەڵگرانی ئەم سەرەتایە هەنو بەو دیدو بۆچوونە دەنووسن، کە لە پشتی نووسینەکانیانەوە خەیاڵی دروستکردنی ڕۆژگاری یۆتۆپی دەبینرێت.

پێنجەم: ئەم دەقە شیعرییە لەو دەقانەیە کە خوێندنەوەیان سانا نییە، چونکە گەر لە ڕووی دەربڕینو وێنەو ئاماژەشەوە قورس نەبێت، ئەوا لەو بەرهەمە گەورانەیە کە مەعریفە بەرهەمدەهێنێتو زمانی فیکر لەم قەسیدەیەو لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تری بەختیار دینامیکییەتی پەیوەندیی نێوان ئەتمۆسفێری ئەدەبو فیکر نیشاندەدا.

## *سەرچاوەکان


بە کوردی:

١. تەفسیری قورئانی پیرۆز، بە کوردیو بە کورتی (چاپێکی پوختە کراو)، وەرگێڕانی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی.

2. ئینجیلی پیرۆز، بە شێوەی کوردی سۆرانی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبی دەولی پیرۆز، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، 1998 .

3. ئەریك فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕانی: عوسمان حەسەن شاکر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی ژین، 2000.

4. ئەریك فرۆم، بەناوی"ژیان"ەوە، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، 2002.

5. بەختیار عەلی: کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی (1983_1998)، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سوید، چاپی یەکەم، 1999.

6. پاولۆ کۆیلۆ: لە کەناری ڕووباری پیدرادا دانیشتمو گریام، وەرگێڕانی: یاسین عومەر، لە بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2000.

7. رامین جەهانبەگلو: هزری نا توندوتیژی، وەرگێڕانی: موراد حەکیم، پێداچوونەوەی: موسڵح ئیروانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2002.

8. رجاء النقاش: تێڕامان لە مرۆڤ، وەرگێڕانی: دنیا شێخ تاهیر، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری زنجیرە(2)، چاپی یەکەم، 1997.

9. ڕێبوار سیوەیلی: دنیای شتە بچووکەکان، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (4)، سلێمانی، چاپی یەکەم، 1999.

10. سەعدی: گوڵستانی سەعدی، وەرگێڕاوی: مستەفا سەفوەت، پەخشخانەی ناجی، چاپخانەی چهر.. تەورێز، بانە، چاپی دووەم، 1371ی هەتاوی.

11. عەتا قەرەداخی: گەڕان بە دوای ناسنامەدا، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (129)، سلێمانی، 2001.

12.کەمال مەمەند میراودەلی: فەلسەفەی جوانیو هونەر (ئیستاتیکا)، بە بڕیارو لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی لە چاپدراوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، 1979.

بە عەرەبی:

13.د. ليو بوسكاليا: الحب، ترجمة: صبرى الفضل، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1996.

14. هربرت ماركوز: الحب والحضارة: الترجمة: مطاع صفدى، دار الأداب، بيروت، 1970.

گۆڤارەکان:

15. ئەسکەندەر جەلال: زەمەن لە قەسیدەی (جەلاد)ی بەختیار عەلی دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (51)، دەزگای گوڵان، هەولێر، 2000.

16. سەعید محەمەد نوری: خۆشەویستی لە ڕووی پێکهاتەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (81)، ناوەندی ڕۆشنبیری گوڵان، هەولێر، 2000.

17. شێروان ئیبراهیم حەیدەری: کازیوەی عیشقو ئێوارەی پەروانە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (51)، دەزگای گوڵان، هەولێر، 2000.

18. عیرفان مستەفا: ئەوەی فەلسەفەیە چییە؟، گۆڤاری نما، ژمارە(9_10)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر، 2002.

19. ویل دیورانت: خۆشەویستی(1_2)، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ئازاد ڕەحمانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (46)، دەزگای گوڵان، هەولێر، 200.

20. ویل دیورانت: خۆشەویستی(2_2)، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ئازاد ڕەحمانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(47)، دەزگای گوڵان، هەولێر، 2000.

21. هیوا قادر: ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" لە نێوان جەنگی عەشقو جەنگی فیکردا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (51)، دەزگای گوڵان، هەولێر، 2000.